# لەپەراوێزی تەواوبوونی هەڵبژاردنەكان:
# چاوەڕوانی دروست بوونی حكومەتێكی چۆنین ؟

ئەمیر ستار
serdarsetar@yahoo.com

بۆ دووەمین جار لە مێژووی ئێراق هەڵبژاردن ئەنجامدرا وەكو پرۆسەیەكی سیاسی دیموكراتی، زۆرینەی خەڵكی ئێراق بە هەموو پێكهاتەكانیەوە چاوەڕوانی ئەوەبوون كێشەكان لە چوارچێوەی ئەنجامەكانی هەڵبژاردندا چارەسەر بكرێت، چونكە رێگای سەرەكی بۆ چارەسەری كێشەكان ئەو رێگایەیە كەوا دووره لەهەموو توندوتیژی و دەسپۆتیزمێك یان كودەتاكردن بەسەر یەكەوە، بەڵام لەبەر كەمی رۆشنبیری دیموكراتی و هەڵبژاردنی، هەروەها باوەڕ نەبوون بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە نێوان ئەو هێزانەی لە كێبەركێی هەڵبژاردندان تاكو ئەنجامی كۆتاییەكەی پەسند بكەن و بە گوێرەی ئەمە هەڵسوكەوت بكەن جا چ وەكو هێزێك دەبێتە حكومەت یان دەبێتە ئۆپۆزسیۆنی حكومەت، ئەوەی لە ئێراق دیارە تاكو ئێستا هەركەس دەخوازێ ببێتە حكومەت و ئەو بە پلەی یەكەم بێت، كەس ئەو لیاقە دیموكراتیەی نییە بۆ ماوەی چوارساڵ ئۆپۆزسیۆن بێت ئینجا پاش چوارساڵیتر جارێكیتر بكەوێتەوە ناو هەمان ململانێ و ئەنجامەكەشی چی دەبێت و چۆن دەبێت ئەمەش دیار نییە، بۆیە ئەوەی دیارە هەركەس دەخوازێ پشكی گرنگ لەو حكومەتەی بەركەوێ كەوا دادەمەزرێت.

دیارە لامان ئاشكرایە كەوا لە هەڵبژاردنی رابردوو بەشێكی گرنگ لەخەڵكی ئێراق ئەویش ناوەڕاستەكەی كە ناسراوە بە هەرێمی سوننە بەشداری هەڵبژاردنی نەكرد، ئەمەش لەژێر كاریگەری ئەو بیرۆكەیەی گوایە لە ژێر كاریگەری نیری ئامادەی پرۆسەی سیاسی نین بۆیەش لەسەركاری سێ ساڵەیان بەردەوام بوون كەوا توندوتیژییە لە لایەكیتریش لەسەر حسابی لایەنەكانی تر جێگای گرنگیان داپێیان ئەوەش چ لە كۆمیتەی نووسینەوەی دەستوور چ وەك بەشێكی گرنگ لە بڕیاردان لەسەر كێشە چارەنووس سازەكان لەگەڵ ئەوەش ئەوان دەرەوەی چوار رۆژی هەڵبژاردن ئەوا لەكاری توندوتیژی خۆیان نەكەوتوون.

سوننەكان بڕیاریان دابوو بەشداری پرۆسەی سیاسی بكەن چونكە زانیان هەردوو لایەنی تر (كورد و شیعە) بەشدار بوون و پرۆسەكەش بەڕێوە دەچێت، بۆیە ئەگەر بەشدار نەبن ئەوا دەبێ وەك هێزێكی یاخی خۆیان بناسێنن، چونكە تاكو ئێستا بەناوی هێزی بەرگری خۆیان دەناسێنن، ئەوكات مانەوە لە دەرەوەی پرۆسەی سیاسی مانەوەیە لە دەرەوەی دەسەڵات، وەكو ساڵانی زووش لەرێگای كودەتا و توندوتیژی و دەسەڵاتی تاكڕەوی ئەمەش بەسەر چوو، ئەوكات دەبێ بەشداری پرۆسەی سیاسی بن و بە ئەنجامەكانیشی رازی بن، بەڵام ئەوەی دیار دەبێ تاكو ئێستا پەسند نەكردنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنە، هەرچەندە ئەگەر لایەنێكی حەقی تێدابێت لەسەر بێ لایەن نەبوونی كۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەكان و بێ دەسەڵاتی لە بەرامبەر ئەو هەموو تەزویرەی كەوا كرا لە رۆژی هەڵبژاردن و ئەوەش هەركەس بەڕەوای دەبینێ لە هەرێمی خۆی بۆ خۆی تەزویر بكات، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ هەرێمی ناوەڕاست تێیدا گوزەرە دەكا، نەك خەمخواردنە بۆ ئەو تەزویرەی كەوا كراوە، یان بێ دەسەڵاتی كۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان لەئاست ئەو تەزویرانە، بەڵكو ئەنجامەكانی هەڵبژاردن دیاریان كرد كەوا ئەو هێزانەی لەو هەرێمە خاوەنی لیستی براوەی هەڵبژاردنەكانن ئەوا بە پلەی سێیەم و چوارەم دێن بۆیە نابێت؟ مەرج بۆ جێگاگرتن لەناو حكومەتی داهاتوو بە پلەی یەكەم یان دووەم، ئەوكات جارێكیتر چەكی هەڕەشەیان بەكار دێننەوە، ئەوەیش بە ناوی بەرگری (مقاومە) یاخی بوونی خۆیان رابگەینن، لە ئەنجامی بەشداربونیان ئەمە سەلمێنرا كەوا ئەوانە خەمخۆری گەل و وڵات نین بەڵكو هێزی دەسەڵات خوازن، ئەمەش وەكو پیشەی سەرەكیان لە دروست بوونی ئێراقەوە تاكو تیاچوونی رژێمی بەعس. ئەو سیفاتەیان بە ئاشكرا دیارە كەوا تەنها خۆیان بە خاوەنی ئێراق دەزانی. ئەگەر ئەوانیش لە ناو دەسەڵاتدا هێزێكی سەرەكی نەبن ئەوا تێكی دەدەن یان ناهێڵن سەربگرێ.

ئایا بە بێ سوننە حكومەتی نوێ دروست دەكرێت؟

هەڵبەت بە گوێرەی دەستووری ئێراقی بۆ ئەوەی حكومەت باوەڕی پەرلەمان قازانج بكات ئەوا پێویستە $2/3$ی دەنگەكان قازانج بكات، ئەگەر وابێ ئەوا كورد و شیعە دەتوانن حكومەت دروست بكەن، بەڵام ئایا پرۆسەكە سەر دەگرێ یان وەكو سێ ساڵی رابردوو لە ناو شەڕ و نائارامی بەردەوام دەبێت، دیارە بۆ ئارامی و ئاسایشی ئێراق و ئەو پرۆژەیەی كەوا پێویست دەكات پێك بێت بڕوا بەڕێوە ئەوا گرنگە كەوا سوننە بەشدار بكرێت ئەگەر تاوەكو سێ ساڵی رابردوو ئەوا هیچ ئارامییەك بەخۆوە نابینین. چونكە ئەگەر "دز لە ماڵی خۆتدا بێ" ئەوە ناتوانی لۆمەی خەڵكی تر بكەی، ئەوكات چۆن بەشدار بكات و لەسەر حسابی كێ، چونكە دەبێ هەردوو لایەنیتر دەبێ لە هەندێك دەسكەوتی خۆیان بێنە خوارێ بە تایبەتیش ئەو پێشنیارە رووبەڕووی كورد دەكرێتەوە چونكە دۆستی نزیكی هاوپەیمانن ئەوان دادەنرێن و لە كۆشكە بەرزەكانیش ئەوان پێشوازی دەكرێن. ئەوكات مەبدەئی تەوافق كەوا باس دەكرێت لە سەر حسابی كورد دەبێت، ئەویش چونكە ئەوەی دیار دەبێت كورد هەموو تێكۆشانیان بۆ ئەوەیە تەنها سەرۆك كۆماربن و لایەنەكانیتر گرنگی پێ نادەن، ئەوەی لە حكومەتی رابردووش دەركەوت وەك ئەنجام هەشت وەزارەتەكەی كورد لە حكومەتی جەعفەری بۆ كورد تەنها رەمزی بوون چونكە نەیانتوانی چ خزمەتێكی ئەوتۆ بۆ كورد بەدەست بخەن كەوا شایانی باس بێت، لە لایەكی تر چاوەڕێ بوین كەوا "ئەیاد عەلاوی" هەڵوێستێكی بێ لایەن و رازی بە ئەنجامەكانی هەڵبژاردن و نموونەی ساڵی پارەكەی ناشیرین ناكات كە وەك

ئۆپۆزسیۆن دەروەی حکومەت مایەوە، بەڵام ئەویش وەك دیار دەبێت تاکو ئێستا لەسەنگەری خەمی سەرکەوتنە بۆ دەسەڵات لە ڕێگای هاوسۆزیەکانی بۆ سوننە و هەرێمی ناوەڕاست، بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێ ئەو شێوە مەدەنیش کەوا لە ئیعتزازی ئەو چەند ڕۆژەی ناڕەزایی بۆ ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دیارە سەرچاوەکەی لە تێکەڵبوونی (عەلاوی)ە بۆ ئەو ناڕەزایانە. بۆیە دەتوانین وەك ئەنجام ئەوە بڵێین حکومەتێك ئەگەر بە تەوافق و بە ڕەزامەندی هەموو لایەك پێك نەیەت، ئەوا تەمەن درێژ نابێت. چونکە ئارامی و ئاسایش بەرقەرار نابێ و ئەوکات ئەو پرۆژە دیموکراتیەی کەوا باس دەکرێت، بێ ئەنجام دەبێت. لە لایەکیتریش لیستی زۆرینەی شیعە ئەگەر بە پلەی یەکەم دەسەڵات بێ ئەوا ئەو تروسکە علمانیەت و دیموکراتیەتەی کەوا تا ئێستا هەیە بۆ چوارساڵیتر سەری قەپات دەکرێت، هەمان کات بە تەنها بە پەنجا کورسی کوردیش ناتوانێ چ گۆڕانێك دروست بکات یان ڕێگری لە بەردەم چ فشارێکی زۆرینە بکات. دووبارەبوونەوەی هەڵبژاردنەکان زەحمەتە چونکە زۆرینە ڕازیە، بەڵام پێکهاتنی حکومەتێکی لاوازیش لەو زەحمەتترە.